# ئایا قەت بەخۆماندا دەچینەوە؟

[ kurdish – کوردی – كردي ]

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ دعوة لمحاسبة النفس ﴾

« باللغة الكردية »

موقع الجنة

www.ba8.org

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئايا قەت بەخۆماندا دەچینەوە؟

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله تعالى من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا من يهد الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله. صلى الله وسلم عليه وعلى آله وصحبه وسلم أجمعين.

أما بعد: فإن أصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد (صلى الله عليه وسلم) وشر الأمور محدثاتها وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار.

یەكێك لەكارە هەرە گەورەكانی سەرشانی ئێمەی ئیماندار ئەوەیە سات لەدوای سات بەخۆماندا بچینەوە (هەرچەندە زۆربەی زۆرمان بیرمان چووەتەوە)، گەر زانیمان لەو ماوەیەدا كاری چاكەمان ئەنجامداوە، ئەوا ئەو كات پێویستە شوكرو سوپاسی خوای پەروەردگار بكەین و بەردەوام بین و هەوڵی زیادكردنی چاكەكەمان بدەین، وە ئەگەر تەماشامان كرد كارە خراپەكانمان زیاترە لەچاكەكانمان، ئەوا پێویستە لەسەرمان تەوبە بكەین و داوای لێخۆشبوون بكەین لای خوای پەروەردگار و كارە خراپەكانمان بگۆڕین بەچاكە، بۆیە موحاسەبەی نەفس كردن سودەكەی لەوەدایە كە مرۆڤ هەستێت بەچاككردنەوەی كارەكانی و كارە خراپەكان بگۆڕێت بەچاكەو كەلێنەكانی نێو عیبادەتەكانی بەكاری چاكەو زیكرو یادی پەروەردگار پڕ بكاتەوە، بۆیە لەئیمامی عومەرەوە دەگێڕنەوە (ڕەزای خوای لێبێت) كە دەیفەرموو: (حاسبوا أنفسكم قبل أن تحاسبوا)، واتە " موحاسەبەی خۆتان بكەن بەخۆتاندا بچنەوە پێش ئەوەی ڕۆژێك بێتە پێشەوە موحاسەبەی تێدا بكرێن ".

بۆیە برا ئازیزەكانم، خوشكە بەڕێزەكانم زۆربەی كێشەكانی ئێمە لەم ڕۆژانەدا ئەوەیە كە خۆمان تەنها دوو ڕكعات نوێژ بەناتەواوی دەخوێنین،

بەڵام لەو لاشەوە خەڵكی بەتاوانكارو خراپەكارو ئیمان لاواز دەزانین، ئیدی نازانم ئەم تەزكیەی نەفسە چی یە بۆخۆمانی دەكەین ؟ لەكاتێكدا خوای گەورە دەفەرموێت: [فَلَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَىٰ ] .(ألنجم: ٣٢). واتە " پاكانە بۆخۆتان مەكەن و خۆتان بەپاوی چاك و صالح دامەنێن و خۆتان هەڵمەكێشت، چونكە خوای گەورە زاناترە بەو كەسەی خۆی دەپارێزێ و سنورەكانی خوای گەورە نابەزێنێت ".

ئاخر ئیمانداران ئەو سیفاتانەی كە لەئێمەدا هەن بەهیچ شێوەیەك لە هاوەڵە بەڕێزەكان و پێشینە چاكەكانی ئەم ئوممەتەدا نەبوون، ئەوەتا (معاذی كوری جبل) ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: (لا ینبغي لعبد أن یظهر الفرح حتى یجاوز جسر جهنم)، واتە " نابێت هیچ ئیماندارێك یاخود بەندەیەك خۆشییەكانی خۆی دەرببڕێت تاوەكو ئەو پردەی كەوا بەسەر جەهەننەمدا تێدەپەڕێت تێپەڕنەكات و ڕزگاری نەبێت ". هەروەها لەشوێنێكی دیكەدا دەفەرموێت:(إن المؤمن لایطمئن قلبه، ولا تسكن روعته، حتى یخلف جسر جهنم ورائه). واتە " هیچ كات ئیماندار دڵی دڵنیا نابێت و ئارام ناگرێت، وە ترسیشی ناڕەوێتەوە، تاوەكو پردی جەهەننەم لەدوای خۆیەوە بەجێ نەهێڵێت بەسەریدا بەتەواوی تێنەپەڕێت ".

بۆیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ * وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ أُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ} .(الحشر: ١٨ _ ١٩).

واتە " ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، پارێز لەخوابکەن و تەقوای خواتان هەبێت بەجێبەجێ کردنی فەرمانەکانی و دوور گرتن لەقەدەغە کراوەکانی، با هەر کەسەو سەرنج بداو بزانێت شی شتێکی بۆ سبەینێ (قیامەت) پێش خستووە لەکردەوەی چاك ؟وە بمێننەوە لەسەر تەقوای خوا، بەڕاستی خوای گەورە زۆر ئاگایە بەکارەکانتان و هیچی لێ ون نابێت، وە ئێوە وەك ئەو کەسانە مەبن خوایان لەبیر کردبوو، وە گوێیان بەفەرمانەکانی نەدەدا، ئینجا خوای گەورەش ـ وەها سەرگەردانی کردن ـ خۆیان لەبیرکردو نەیانزانی کارێکی وەها بکەن لەپاشە ڕۆژدا سودیان پێ بگەیەنێت،ئا ئەوانەن فاسیقن"

هەروەها ئیمامی ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) لەسوژدەکانیدا پەنای بەخوا دەگرت لەوەی کە (زینا بکات یان دزی بکات یان کوفر بکات یاخود تاوانێك لەتاوانە گەورەکان ئەنجام بدات) وە هاوەڵانیشی پێیان فەرموو: ئایا لەوانە دەترسیت ؟.واتە (بەکەسێکی ئیمان بەرزو لەخوا ترسیان دەزانی).

ئەبو هورەیرەش (ڕەزای خوای لێبێت) پێی فەرموون: (هیچ کات لەخۆم دڵنیام نیم لەکاتێکدا شەیتان زیندووەو، وە ئەو کەسەش کە دڵ گۆڕینی بەدەستە (مەبەستی پەروەردگارە) چۆن ویستی لەسەر بێت دەیگۆڕێت).

بۆیە ئیمانداران ئایا ڕۆژێك بیرمان لەوە کردۆتەوە کە واز لەهەموو عەیب و عارو خراپەکانی خەڵکی بهێنین و بۆساتێکیش بێت خراپەکانی خۆمان بهێنینە پێش چاومان و ساتێك بەخۆماندا بچینەوە، چونکە هەموو کەس بەش بەحاڵی خۆی تاوانی هەیە (جگە لەپێغەمبەران)، ئیدی کاتێك هەمووومان تاوانمان هەبێت، چیمان داوە لەتاوانەکانی خەڵکی لەکاتێکدا ئێمە بۆمان نیە موحاسەبەیان بکەین لەبەرامبەریشدا ئێمە کردارەکانی سەرشانی خۆمان واز لێهێناوە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت هەموو کات موحاسەبەی نەفسمان بکەین

و هەوڵ بدەین زیاتر عیبادەتەکانمان بەرەو پێشەوە ببەین، لەدایکی ئیمانداراانەوە (عائیشە) ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ دەگێڕنەوە کە دەیفەرموو: (ئەگەر ئیماندار چاکەکانی ئەمڕۆی وەکو سبەی بوو ئەوا هیچی بەهیچ نەکردووەو نەگۆڕاوە).

کەواتە ئازیزانم تەمەنی مرۆڤ زۆر نیە وە ئاسانە دەستی بەسەردا بگیرێت، جا هەر کەس ویستی بوو ئەوا بەرەو چاکەی دەبات و هەر کەسێکیش بیری لەکاری چاکە نەکردەوە ئەوا نەفسی بەرەڵا دەکات بەوەی چی بوێت ئەنجامی بدات و بۆ تەنها ساتێکیش بێت وریا نەبێتەوەو بەئاگا نەیەتەوە لەو هەموو تاوانە، بۆیە ئەگەر ئێمە توانیمان ڕۆژانە موحاسەبەی ئەو دڵەمانە بکەین کە هەموو شتێکی لەخۆ گرتووەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، ئەوا دەتوانین هەر هیچ نەبێت کەمێك بارەکەی خۆمان بەلایەکدا ببەین و هەر هیچ نەبێت کەمێك کارە چاکەکانمان بەرامبەر بکەینەوە لەگەڵ ئەو هەموو تاوانەی کەئەنجامی دەدەین، وە بیریشمان نەچێت ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی: (القلب ملك، والأعضاء جنوده، فإذا طاب الملك طابت جنوده، وإذا خبث الملك خبثت جنوده).